


دیاری گۆڤاری لڤین بۆ خوێنەرانی خۆشەویست





# بەهەجەت یەحیا

## دەروێشێک ، هەموو ژیانی لە هەنگاوناندایە

ئامادەکردن و فۆتۆ : یاسین عومەر ئیبراهیم

### (1)

### رۆژێک سێ مرۆڤی گەورە بەیەک دەگەن

رۆژێکی هەورین کە شاری ـ کۆلن ـ ی ئەڵمانی لەنێوان رووناکی رۆژ و تاریکی هەورەکاندا لەجۆلانێدا دەبێت دوو پیاوی گەورە رێکەوتی مرۆڤێکی گەورەی تر دەکەن. پیاوی یەکەم شێرکۆ بێکەس دەبێت و دووەمیشیان پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیل. سێهەمیش گۆرانیبێژێکە کە بەخۆی و ئاوازەکانی ناو رۆحی و دەف و تار و سێتارەکانییەوە بە دونیادا لەگەڕاندایە. شێرکۆ بە پرۆفیسۆر جەلیلی دەڵێت ئەمە بەهجەت یەحیای گۆرانیبێژە، جەلیلی بە بەهجەت دەڵێت " کوڕی باش ئەم گۆرانییە دەروێشییانە چییە دەیانڵێیت، بەو گۆرانییانەدا وامدەزانی تەمەنت هەشتا ساڵە " بەڵام دیارە بەهجەت جگە لە پێکەنینێکی کورت و پۆشراو بە دڵخۆشییەکی نەرم هیچیتر ناکات .. ئەو وتەیەی پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیل هیچ نییە جگە لە ئاماژەیەکی کورت بە هونەرمەندێکی گەورە کە هەر لەیەکەم ساتەکانی دەرکەوتنیەوە بە حیکمەتی پیاوە بەتەمەن و بە ئەزموونەکانەوە کار دەکات، ئەگەر فەیلەسوفەکان دەنووسن و پێغەمبەرەکان ئامۆژگاری دەکەن ئەوا گۆرانیبێژەکانیش گۆرانی دەڵێن ، بەهجەتیش لەوکاتەوە بە حیکمەتی حەکیمەکان و بە ویقاری دەنگی ئەوانەوە گۆرانی دەخوێنێت ..

### (2)

### بەهجەت وەک خاوەن رێچکەیەکی تایبەتی

دۆزینەوەی ستایل و رۆیشتن لەسەری قورسترین کارێکە هونەرمەندێك بیەوێت بیکات، ستایل شتێکە مرۆڤە گەورەکان دروستیدەکەن و دواتر ئەوانەی لەوان بچوکترن لەسەری دەڕۆن، ستایل شتێکە خۆی هەیە، لە بووندایە، یان بە وتەی والت ویتمان چۆن وشەکان لە ئاو و هەواو و خاکدان ئاواش ستایل لە ئاو و هەواو خاکی رۆحی هونەرمەندددان. بەهجەت یەحیا سەبارەت بەو ستایلەی خۆی کاری لەسەر دەکات وتی " من زۆرم هەوڵداوە و توانیومە شێوازێکی گۆرانیوتن بۆخۆم بدۆزمەوە، لەگەڵ هەر کەس و گروپێکدا کارم کردبێت هەوڵمداوە ئەو شێوازەی خۆم بپارێزم. بۆ ئەمەش چووم چەند شتێکم کردووە، یەکەم ئەو شیعرانەم هەڵبژاردووە کە زۆر لە رۆحی منەوە نزیکن ، بەهەمانشێوە ئاوازێکیشم لەسەر ئەو شیعرانە داناوە بەپێی توانای نەبەرات و هەناسە و توانای دەنگیی خۆم بگونجێت، ئەم بە ئاگاییەش لە بەکارهێنانی دەنگ و شیعر و ئاوازدا خۆی بۆخۆی ستایلێك دروستدەکات، بۆیە لەگەڵ هەر گروپێکدا کارم کردبێت جا سوننەتیی بووبیت یان ئۆرکسترالی هەوڵمداوە تایبەتمەندێتی خۆم بپارێزم بۆنموونە ئەگەر هەر لەسەرەتای کارەکانمەوە سەیری گۆرانییەکانی من بکەیت گەر گروپ و موزیکەکەش سوونەتی نەبووبێت بەڵام جۆرێك لە دەروێشی، جۆرێك لە سووتان و خەڵوەتگەنشینی لە کارەکانمدا بەدیدەکەیت کە ئەمەش رەنگە کۆی ئەو رۆحییەتە بێت کە لەکارەکانمدا دەیانبینیتەوە"

ئەوەی بەلای ئەویشەوە وەك کارکردن گرنگە ئەوە نییە لەنێوان ستایلەکاندا لە هاتوچۆدا بیت بەڵکو ئەوەیە کە تۆ داهێنان بکەیت. بەهجەت دەڵێت " بەبڕوای من هونەرمەند دەتوانێت لەسەر زیاد لە ستایلێك کار بکات بەڵام هەر ستایلێك هەڵیدەبژێرێت دەبێت رەچاوی ئەوە بکات کە ئایا ئەم ستایلە چی پێویستە ــ واتە پێکهاتەکانی ئەو ستایلە ــ هەر لە ئامێرەوە بۆ شیعر . گرنگ نییە تۆ بە چ ستایلێك کاردەکەیت بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە داهێنان بکەیت و کاری جوان بکەیت "

هەر لەسەرەتای کارەکانییەوە بەهجەت رێچکەیەکی تایبەتی کارکردنی بۆ خۆی هەڵبژارد و زۆرێك لەوانەی ئاگاداری هونەر و کارەکانی ئەم هونەرمەندەن شایەتی ئەوەی بۆ دەدەن کە توانیویەتی خاوەن ستایلێکی زۆر تایبەت و دەگمەن بێت لە گۆرانی کوردییدا. سەبارەت بە خوگرتن بە ستایلێکەوە و رۆیشتن لەسەری بەبەردەوامی، بەهجەت وتی " من وایدەبینم کە هونەرمەند دەتوانێت بەزیاد لە